د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان& پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن- ستۆکهۆلم .
2007.09.09

# ئەو ڤایرۆسانەی دەبنە هۆی شێرپەنجە !!

هەمووان ئەو راستییە باش دەزانن کە ڤایرۆسەکان بەشێکی گرنگ لە میکرۆئۆرگانیسمەکان پێك دەهێنن و کەم یان زۆر دەبنە هۆی هەوکردنی (کوتوپڕ یان تولانی) ، وەلیٚ لەم سالانەی دواییدا ئەو راستییەش سەلمێنرا کە ژمارەیەك لە ڤایرۆسەکان دەتوانن ببنە هۆی چەندان جۆری شێرپەنجە . هەرچەندە ڤایرۆسەکان دەتوانن بە رێگای جیاوازدا مرۆڤێکی لەش ساخ تووشی ڤایرۆسەکە بکەن ، وەلیٚ کاتێك ڤایرۆس دەبێتە هۆی شێرپەنجە ئەوا ئەو جۆرە شێرپەنجەیە لە یەکێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی دی و کەس تووش ناکات بەلاٚم ئەوەی دەگوێزرێتەوە تەنیا خودی ڤایرۆسەکەیە .
گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان زانستی پزیشکی 25 سالان لەمەوبەر و ئەمرۆدا دەبینین کە پێشکەوتنێکی بەرچاو ئەنجامدراوە زۆر سوودی بە نەخۆش و پزیشکیش گەیاندووە . ئەنجامی توێژینەوەکانی سالانی رابردوو توانیان زێدەتر زانیاری لە مەڕ ڤایرۆسەکان بلاوبکرێتەوە ، ئەم پێشکەوتنانەش بۆتە هۆی دروستکردنی چەند کوتانێکی بەسوود و بەکار کە ئەمرۆ دانیشتوان بە مەبەستی خۆپاراستن بەکاری دەهێنن .
هەرچەندە دەیان ڤایرۆس هەن و دەبنە هۆی چەندان نەخۆشی وەلیٚ ئەوەی گرنگە بە باسەکەمان ئەو ڤایرۆسانەن کە دەبنە هۆی شێرپەنجە وخۆشبەختانە توانراوە کوتان دژی دووانیان دروست بکرێت . بەم شێوەیە دەتوانرێت بەر لە بلاوبوونەوەی هۆی شێرپەنجەکان بگیرێت ئەوسا رێژەی تووشبون بە شێرپەنجە کەم دەبێتەوە . ئەوەی راستی بێت گەلێك ئاستەم لە رێگادا هەیە وەلیٚ توێژیاران لەم بارەدا دەستەو ئەژنۆ رانەوەستاون و هێدی هێدی ئەنجامی سالانی رابووردوویان ئەمرۆ بلاودەکەنەوە و زۆربەی زۆری پسپۆرانی ڤایرۆس و شێرپەنجە زۆر لە جاران گەش بینترن .

## گرنگترین ڤایرۆسەکان

**1- ڤایرۆسی Epstein-Barr virus (EBV) ،**

ڤایرۆسێکە لە جۆری 4 هەمی کۆمەلە ڤایرۆسی تامسکییەکان . دەبێتە هۆی نەخۆشی مۆنۆنوکلیۆس ، تایبەتە بە لاوی 15-25 سالان . زۆرجاران نێوی (**نەخۆشی ماچ**) یشی لێنراوە .

## رێگاکانی گواستنەوە

ڤایرۆسەکە راستەوخۆ لەکاتی ماچکردندا بەئاسانی لە لیکی نێودەمەوە دەگوێزرێتەوە . هەروەها بەرێگای خوێن و چاندنی مۆخی ئێسکدا ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە .
ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی :
1- لیمفۆمی خانەکانی B (B-Cells lymphoma) بە رێژەی لە 100٪ ڤایرۆسەکە لە نێو لیمفۆمەکەدا دۆزراوەتەوە .
2- لیمفۆمی هۆدکین (Hodgkins Lymphoma) بە رێژەی لە 40-50٪ ڤایرۆسەکە لە نێو لیمفۆمەکەدا دۆزراوەتەوە .
3- لیمفۆمی خانەکانی T (T -Cells lymphoma ) بە رێژەی لە 30-40٪ ڤایرۆسەکە لە نێو لیمفۆمەکەدا دۆزراوەتەوە .
4- شێرپەنجەی نێلووت وگەروو (Nasopharynx Cancer) بە رێژەی لە 100٪ ڤایرۆسەکە لە نێو هەردووشێرپەنجەکەدا دۆزراوەتەوە .
5- شێرپەنجەی گەدە (Stomach Cancer) بە رێژەی لە 10٪ ڤایرۆسەکە لە نێو شێرپەنجەکەدا دۆزراوەتەوە .
پێویستە مرۆڤ ئاگاداری خۆی بێت نەخۆش ماچ نەکات و نەهێلێت نەخۆشیش ماچی بکات .

## کوتان

**تا ئەمرۆ کوتان دژی ڤایرۆسەکە نییە .**

**سەرنج : لیمفۆم جۆرێکە لە شێرپەنجە و لیمفی نێو خوێن دەگرێتەوە .**

**2- ڤایرۆسی پاپیلۆم مرۆیی جۆری 16 و 18**

**ڤایرۆسێکە بەنێوی (HPV,Human papillomavirus)، تا ئەمڕۆ 100 جۆری ڤایرۆسەکە دەستنیشانکراوە .**

**رێگاکانی گواستنەوە**

**ڤایرۆسی پاپیلۆمیش رۆژانە لە زێدبوندایەو بە "نەخۆشی دوا رۆژ" ناسراوە. هۆی زۆربەی شێرپەنجەی ملی منداڵدانی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری 16 و 18 ڤایرۆسی HPV کە لە رێگای پەیوەندی زایەندییەوە تووشی مرۆ دەبێت .**

**رێژەی ڤایرۆسەکە لە نێو شێرپەنجەکەدا لە سەروو 70٪ دا یە . وەلێ جۆری 6 و 11 دەبێتە هۆی بالوکەی سەر کۆئەندامی زاوزێ کە بە Genital Warts ناسراوە .**

**کوتان**

**پاش چەندان توێژینەوە وشەونخونی کێشان خۆشبەختانە هەوڵەکانی کۆمپانیاکانی دەرمان دروستکردن سەرکەوتن و ئەوروپاییەکان کوتانی (Gardasil) واتە (Grad-ah-sil) یان پەسەند کرد کە ناهێڵێت ئافرەتان تووشی شێرپەنجەی ملی منداڵدان بکات .**






**بەپێی بەرپرسانی ئەوروپا کچان و ژنانی تەمەن 9-26 ساڵان دەتوانن خۆیان بەم کوتانە (ڤاکسینە) نوێیە بکوتن کە لە ماسولکە دەدرێت و لە سەدا سەد بەرگری دژی ڤایرۆسەکە پەیدا دەکات .**

**هەندێك پسپۆری ئەم بوارە لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری 2006 دا دەنگیان بەرزکردەوە و داوا لە کاربەدەستانی تەندروستی ئەورووپایی و ئەمێریکاییەکان دەکەن کە کوڕانیش وەك کچان بکوترێت و هاوکات پێویستە ئەم کوتانە بخرێتە پرۆگرامی کوتانەکانی تەمەنی منداڵییەوە لەبەرئەوەی (9،10):**

**1- کاتێك کوڕان تووشی ڤایرۆسەکە دەبن پاشتر ئەوان کچان تووش نەکەن .**

**2- بۆ ئەوەی ژمارەی بالوکەی سەرکۆئەندامی زاوزێ کەم ببێتەوە .**

**3- کوتانەکە کچان و کوڕانی لاو لە شێرپەنجەی کۆم دەپارێزێت .**

**تەنیا لەم بارانەدا کوتانەکە بەکاردەهێنرێت :**

**- شێرپەنجەی ملی منداڵدان .**

**- نائاسایی یان گۆڕانکاری لە خانەکانی ملی منداڵداندا (Cervical Lesions)**

**- نائاسایی یان گۆڕانکاری لە خانەکانی گولێنکدا (Vaginal Lesions)**

**- نائاسایی یان گۆڕانکاری لە خانەکانی (Vulvar Lesions)**

**- بالوکەی سەر کۆئەندامی زاوزێ (Genital Warts)**

**کوتانەکە هیچ بەرگرییەك ناداتە ئەو کەسانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون .**

**پێویستە هەر یەکێك سێ (3) دەرزی لە خۆی بدات ، بەم شێوەیەی خوارەوە :**

**- رۆژی یەکەم دەرزییەکی 0.5 ملیلیتر دەدرێت لە ماسولکەی باڵ یان سمتی کچەکە یان ئافرەتەکە .**

**- دوو مانگان پاش دەرزی یەکەم ، دووەم دەرزی 0.5 ملیلیتر دەدرێت لە ماسولکەی باڵ یان سمتی کچەکە یان لە ئافرەتەکە.**

**= شەش مانگان پاش دەرزی یەکەم دوا دەرزی 0.5 ملیلیتر دەدرێت لە ماسولکەی باڵ یان سمتی کچەکە یان لە ئافرەتەکە .**

**تێبینی :**

نابێت بە هیچ جۆرێك ئەو كوتانە بدرێت لە خوێنهێنەر (iv) ی مرۆ .

پسپۆڕانی ڤایرۆسزانی دەبێژن كە كوتانەكە زۆر بە سوودە پێش ئەوەی دایك و كچەكە تووشی جۆرە ناوبراوەكانی ڤایرۆسەكە ببێت .

**نیشانەی لاوەكی** – ئازارو سووربوونەوەی شوێنەكە . – تالێهاتن . – بێتاقەتی . – تەنگە نەفەسیش تۆماركراوە .

**توێژینەوە**

ئەنجامی نوێترین توێژینەوەی سویدییەكان كە لە مانگی ئۆكتۆبەری 2006 دا (7) بڵاوكرایەوە ئاماژەی پێ دەكەن كە ڤایرۆسی HPV فاكتۆرێكی مەترسیدارە لە زێدبوونی ژمارەی شێرپەنجەی مەرازەكان (tonsillar cancer) . ئەنجامی وەرگرتن و پشكنینی خانەی مەرازەكانی چەندان نەخۆشی ستۆكهۆڵم لە ساڵانی 1970–2002 دا دەیسەلمێنن كە ئەو كەسانەی شێرپەنجەی ناوبراویان هەبووە لە تاقیگادا ئاماژەی پێكراوە كە جۆری 16 ی ڤایرۆسی HPV فاكتۆرێكی گرنگ بووە لە دەركەوتنی نەخۆشییەكەیاندا لەبەر ئەوەی ڤایرۆسەكەیان لە شێرپەنجەكەدا دۆزیوەتەوە . توێژیارانی سوێدی وای بۆ دەچن كە هیوا زۆرە لە دواڕۆژێكی نزیكدا هەمان كوتان بۆ شێرپەنجەی مەرازەكانیش بەكاربهێنرێت .

## 3- ڤایرۆسی زەردوویی جۆری B

ئەم ڤایرۆسە سەر بەخێزانی (Hepa DNA virus) ە ، كە 3 جۆر ئەنتیجێنی تایبەتی هەیە ، هاوكات لەشی مرۆ دژ بەم ئەنتیجینانە 3 جۆر دژەتەن دروست دەكات ، تیرەی ڤایرۆسەكە 43 نانۆمیترە و بەپەردەیەكی 7 نانۆمیتری دەورە دراوە. تەنیا لە ئەمێریكادا ساڵانە نزیكەی 200 هەزار كەس تووشی ئەم جۆرە زەردوویيە دەبن و نەخۆشییەكە لە هەموو دنیادا هەس . نزیكەی لە 20– 30٪ی دانیشتوانی ئەوروپا لەقۆناخێكی ژیانییاندا تووشی ئەم جۆرە زەردوویيە دەبن . زایەند یەكێكە لەرێگا سەرەكییەكانی گواستنەوەی ڤایرۆسەكە چونكە ڤایرۆسەكە لە سپێرم و شلەی ناو گوڵینكی تووشبودا هەیە، هەروەها لەنێو نەخۆشییە زایەندییەكاندا پاش فەرەنگی و سوزەنك ئەم جۆرە زەردوویە بەپلەی سێهەم دێت. بەپێی نوێترین سەرژمێری ر ت ج نزیكەی 350 ملیۆن نەخۆش لە جیهاندا هەبوە .

لە كوردستاندا رێژەی تووشبوان یان هەڵگران بەم ڤایرۆسە نەزانراوە ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاماری تووشبوان ، دواكەوتوویی باری تەندروستی دانیشتوان ، كەمی یان نەبوونی كوتانی دژی ڤایرۆسەكە .

دەتوانین بڵێین كە هۆی فرە بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە زامەی جگەر زایەندە ، چونكە زایەند یەكێكە لەو رێگایانەی كە ئەم ڤایرۆسەش دەگوێزێتەوە ، واتە **رێگاكانی گواستنەوەی ئەم ڤایروسە وڤایرۆسی HIV لە یەك دەچن** . زانستییانە سەلمێنراوە كە ئەم ڤایرۆسە بە رێژەی لە سەروو 90٪ ەوە لە نێو شێرپەنجەی جگەردا هەیە .



**كوتان**

**نزیكەی 13 كوتان دژ بە زەردوویی جۆری B هەیە ، ناسراوترینیان ئەمانەن :**

1- دەرزی Engerix-B لە شێوەی دەرزیەكی یەكجاریدایە .

2- دەرزی H-B-Vax ئەمیش لە شێوەی 10 مایكرۆگرامدایە .

3- دەرزی HBIG لە هەمووبارەكانی زەردووییB دا دەدرێت لە مرۆ .

## 4- ڤایرۆسی زەردوویی جۆری C

ئەوەی شایەنی باسە ڤایرۆسەکە سەر بەخێزانی (Flavivirus) ە و نزیکەی 200 ملیۆن کەس لە جیهاندا هەڵگری ڤایرۆسەکەن ، نزیکەی 4,9 ملیۆنیان لە ئەمێریکادا دەژین و نزیکەی 10 ملیۆنیش لە ئەوروپای رۆژئاوادا دەژین . بلاّوترین زەردووییە لە نێو ئەو کەسانەدا کە رۆژێك لە رۆژان خوێن یان فاکتۆری خەستیان وەرگرتووە ، ئەو راستیەش سەلمێنراوە ئەو کەسانەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر گاماگلۆبولینیان وەرگرتووە وەلّ ئەو جۆرە گاما گلۆبولینە لە جیهاندا تۆمار نەکراوە ئەوا تووشی ئەم زەردوویيە بوون . لە وڵاتە رۆژئاوایەکاندا نزیکەی لە 20٪ ی ئەوانەی کە زەردوویی کوتوپڕیان تووش بوە تووشی ڤایرۆسی C بوون. لە 30٪ هەموو چاندنەکانی جگەر دەگرێتەوە بۆ سۆ بەم ڤایرۆسە . هەوکردنەکە زێدەتر لە باشوری ئیتالیا و میسردا تۆمارکراوە هۆی تووشبون بەم ڤایرۆسە دەگەرێتەوە بۆ بەکارهێنانی دەرزی پەنگکێشان . تا ئەمرۆ 6 جۆری genotype و ژمارەیەکیش subtype ی ڤایرۆسی C دۆزراوەتەوە .







ئەم ڤایرۆسە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی جگەرو بە رێژەی لە سەروو 90٪ ەوە لە نێو شێرپەنجەکەدا هەیە .

**کوتان**

تا ئەمرۆ کوتان دژی ڤایرۆسی جۆری C نییە .

## 5- ڤایرۆسی تامیسکی جۆری 8

ئەم ڤایرۆسە بەژمارە 8 ی ڤایرۆسی تامیسك (HHV-8) human herpesvirus 8 ناسراوە . ڤایرۆسێکی Gammaherpesvirus ە لە ساڵی 1994 لە ئەیدزدارێکدا دۆزراوەتەوە . ئەمیش زۆر زانیاری تەواوی لەسەر بلاّونەبووەتەوە چونکە تا ئەمرۆ توێژینەوە لەسەری بەردەوامە. ئەنجامی توێژینەوەکانی ساڵی 1997 ئاماژەی پێ دەکەن کە ڤایرۆسەکە لە نێو لیکی نێو دەمدا هەیە و ئەمیش بە رێگای زایەند ی بلاّودەبێتەوە . لە ساڵی 1996-1997دا دەرکەوتووە ڤایرۆسەکە تووشی مرۆڤی لەشساخ و HIV پۆزەتیڤیش دەبێت . لە فێبرواری 1997دا لە باسێکدا نووسەر (2) ئاماژەی پێ دەکات کە لە بیستوچوار HIV پۆزەتیڤی هۆمۆرەگەزبازدا 6 یان HHV-8 DNA یان لەنێو سپێرمدا دۆزراوەتەوە ، هەروەها لە 15 نەخۆشی سارکۆمی کاپوسیدا 3 یان HHV-8 DNA یان تیادا دەستنیشانکراوە. لە هەمان باسدا شەش HHV-8 DNA یان لەخوێندا دۆزیوەتەوە . لەئەنجامی ئەم باسەدا گومان دەکرێت کە ڤایرۆسی ژمارە 8 بە رێگەی زایەندا بگوێزرێتەوە .

ئەنجامی توێژینەوەکانی چەند توێژیارێك لە ئۆگەندا (8) لە ساڵی 2006 دا بلاّوکراوەتەوە دەیسەلمێنێت کە ڤایرۆسی ناوبراو لە رێگای خوێن گواستنەوەی مرۆڤێکی لەش ساخ تووشی نەخۆشییەکە دەکات .

ئەم جۆرە ڤایرۆسە لە تەمەنی منداڵیدا تووشی مرۆ نابێت بەڵکو زیاتر تووشی گەورە ساڵان دەبێت . هاوکات روونبووەتەوە کەزیاتر لە نێو هۆمۆرەگەزبازەکاندا بڵاوەو ئەوان تووشی سارکۆمای کاپۆسی دەکات. هەروەها بۆمان دەرکەوتووە کەسارکۆمای کاپوسی تووشی نائایدزدارانی رۆژهەڵاتی ناوین دەبێت .

**6- ڤایرۆسی** (HTLV, Human T lymphotropic virus)

ئەم ڤایرۆسەش سەر بە خێزانی رێترۆڤایۆسەکانە و 2 جۆرن (HTLV-I) و (HTLV-II) ، جۆری یەکەمیان دەبێتە هۆی شێرپەنجەی خوێنی خانەکانی T و لیمفۆم . وەلیّ تا ئەمرۆ نازانرێت ئایا جۆری دووەم دەبێتە هۆی شێرپەنجە یان نا ؟ . ئەوەی راستی بێت ئەم ڤایرۆسە وەك ڤایرۆسی HIV نەخۆشی ئەیدز خانەکە ناکوژێت وەلیّ قەبەیان (دەئاوسێت) دەکات .



زانستییانە سەلمێنراوە کە ڤایرۆسەکە بە رێگای زایەند ، خوێن وەرگرتن و شیری دایکەوە دەگوێزرێتەوە و بە رێژەی لە 100٪ لە نێو شێرپەنجەکەدا هەیە .

**کوتان**

**تا ئەمرۆ کوتان دژی ڤایرۆسەکە نییە .**

**سەرچاوەکان**


1- د . زاهیر سوران ، نەخۆشییە درمە زایەندییەکان ، چاپی دووەم ، ساڵی 2006 سلێمانی .

2- د . زاهیر سوران ، نەخۆشییە درمەکان ، چاپی دووەم ، ساڵی 2006 سلێمانی .

1.Laszlo Szekely, Många frågetecken kring virusorsakad cancer, Smittskydd, nr. 4 2006 , 12, 14.
2. David j Blakborum, et al. Infections HHV-8 in a healthy north American blood donor. Lancet 1997; 349: 309-11.
3.Leslie Collier and John Oxford: Human Virology, Chapter fifteen, Oxford University Press 1993.
4. Mark R. Et al: Detection of human herpesvirus 8 DNA in semen from HIV- infected individuals but not healthy semen doners, AIDS 1997; 11: f15-f19.
5. Iwarson-Norrby, Infektionsmedicin, epidemiologi, klinik, terapi, Sverige, 2004.
6.Gao S-J. et al: HHV-8 antibodies among American, Italians and Ugandans with and thout Kaposis Sarkoma, Nature Med. 1985; 2: 925-928.
7. Läkertidningen, Nr 40, 4 oktober 2006, volym 103.
8. N Engl J Med. 2006;355:1331-8.
9.Lancet 2006; 368:1212.
10.Läkartidningen nr.44, 1-4 nov. Sverige 2006, vol 103.